ڕۆڕەسمی ڕاگەیاندنی پێکهاتەی حکومەتی ڕاگوزەری سوریا لە کەشکی شەعب لە دیمەشق دەستیپێکرد

ڕۆڕەسمی ڕاگەیاندنی پێکهاتەی حکومەتی ڕاگوزەری سوریا لە کەشکی شەعب لە دیمەشق دەستیپێکرد و بەیارە تێیدا پێکهاتەی حکومەتی ڕاگوزەری سوریا ڕابگەیەندرێت.

ئەمە شەممە ٢٩ـی ئازاری ٢٠٢٥، ئەحمەد شەرع، سەرۆکی قۆناغی ڕاگوزەری سوریا لە ڕۆڵەسمی ڕاگەیاندنی پێکهێنانی حکومەتی ڕاگوزەری سوریا ڕایگەیاند، سووریەیەکان لە قۆناغێکی مژوویدان لە ڕەوتی نیشتمانییاندا.

هاوکات، ئەحمەد شەرع لە ڕۆڕەسمەکەدا ئاماژەی بۆکرد، ئەمە بەشداریی لە دامەزراندنی ئایندەیەکی پێ شکەدا دەکەن و هەموو سوریەیەکان لەدایکبوونی قۆناغێکی نوێ دەبین.

ئۆشی خستووە، ڕاگەیاندنی حکومەتی ڕاگوزەر، ڕاگەیاندنی ئیرادەی هاوبەشیی سوریەیەکانە بە قۆناغەکانی داهاتوویان و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نوێ و سەربەخۆ و بەهێز و خاوەنی سەروەرییە.

پێکهاتەی وەزارەتەکان تائێستا بەمشێوەیە ئەسعەد شەیبانی، وەزیری دەرەوە، مورهەف ئەبو قەسرە، وەزیری بەرگری، ئەنەس خەتاب، وەزیری ناوخۆ، مەزهەر وەیس، وەزیری داد، محەمەد ئەبو خەیر شوکری، وەزیری ئەوقاف، مەروان حەلەبی، وەزیری خوێندنی باڵا دەستنیشان کراون.